https://www.doi.org/10.31918/twejer.2252.1

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# پێکهاتەی لۆژیکیی کارەکانی زمانی کوردی بەپێی تیۆری ڕێزمانی ئەرک و ئاماژە

پ. ی. د. شیرزاد سعید صدیق

زانکۆی سۆران، فاکەڵتیی پەروەردە

Sherzad.sedeeq@soran.edu.iq

عثمان شخصه مامه

زانکۆی ڕاپەڕین، کۆلێژی پەروەردە

osmanshakhsa@gmail.com

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە لە (**پێکهاتەی لۆژیکیی کارەکانی زمانی کوردی بەپێی تیۆری ڕێزمانی ئەرک و ئاماژە**)دەدوێت، کە تیایدا هەوڵدراوە نواندنی لۆژیکیی کارەکانی زمانی کوردی بەپێی ڕێزمانی ئەرک و ئاماژە بخرێتەڕوو. توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم جگە لە پێشەکی بە گشتی لە ناساندنی تیۆرەکە دەدوێت، کە تیایدا چەند لایەنێکی گشتی باسکراون، وەکو: پێکهاتەی سینتاکسی، پێکهاتەی چێوەی پاڕستە و یەکە جیهانی و ناجیهانییەکان. لە بەشی دووەمیشدا، کارەکانی زمانی کوردی بەپێی تیۆرەکە پۆلێنکراون و پاشان نواندنی لۆژیکیی هەر پۆلێکیان لەگەڵ ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو.

**وشە کلیلییەکان:** ڕێزمانی ئەرک و ئاماژە، پۆلکردن، کارە وەستاوەکان، کارە چالاکەکان، نواندنی لۆژیکیی کارەکان.

**پێکهاتەی لۆژیکیی کارەکانی زمانی کوردی بەپێی تیۆری ڕێزمانی ئەرک و ئاماژە**

**پێشەکی:**

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (**پێکهاتەی لۆژیکیی کارەکانی زمانی کوردی بەپێی تیۆری ڕێزمانی ئەرک و ئاماژە**)یە. کە دەچێتە بواری سیمانتیک و لۆژیکەوە، لەبەرئەوەی نواندنی لۆژیکیی کارەکان پشت بە نواندنە فەرهەنگییەکانیان دەبەستێت.

**ڕێبازی توێژنەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی- شیکاری پەیڕەوکراوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە پۆلێنکردنی کارەکانی زمانی کوردی و خستنەڕووی پێکهاتەی لۆژیکییان لە ڕوانگەی یەکێک لە تیۆرە ئەرکییەکانی زمان، کە ئەویش ڕێزمانی ئەرک و ئاماژەیە.

**سنوور و کەرەستەی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا دیالێکتی کرمانجی خوارووی زمانی کوردی کراوەتە کەرەستەی توێژینەوەکە، هەروەها ئەم نموونانەش، کە هێنراونەتەوە لە زمانی ئاخاوتن و نووسینی ئەم دیالێکتەن.

**ناوەرۆکی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە دوو بەش پێکدێت: بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ کورتەیەک لەسەر تیۆرەکە، هەروەها لە بەشی دووەمیشدا کارەکانی زمانی کوردی بەپێی تیۆرەکە پۆلێنکراون، دواتریش پێکهاتەی لۆژیکیی هەر کۆمەڵەیەک خراوەتەڕوو.

**بەشی یەکەم:**

**ڕێزمانی ئەرک و ئاماژە:**

**١. ڕێزمانی ئەرک و ئاماژە:**

ڕێزمانی ئەرک و ئاماژە، کە لە زمانی ئینگلیزیدا بە ( Role and Reference Grammar) ناودەبرێت. ئەم تیۆرە چەند قۆناغێکی بڕیوە و بۆ یەکەمجار لە لایەن دوو زمانەوانی ئەمریکی بە ناوەکانی (ڕۆبێرت د. ڤان ڤالین -Robert D. Van Valin, Jr) و (ولیام ا. فولی- .William A Foley) لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو خرایەڕوو؛ دواتر و لە ساڵی (١٩٩٣a) و (١٩٩٣b) لە لایەن ڤان ڤالین، هەروەها لە (١٩٩٧) لە لایەن (ڤان ڤالین) و (ڕاندی ج. لاپۆلا - Randy J. Lapolla). پاشانیش لە لایەن (.Robert D. Van Valin Jr) لە ساڵەکانی (٢٠٠٤) و (٢٠٠٥) زیاتر برەوییپێدرا و پێشکەوت. ( ANELIA STEVANOVA IGNATOVA 2008: 14).

تیۆرەکە تێڕوانینێکی ئەرکیانەی هەیە و لە ئەنجامی پەیوەندیی نێوان سینتاکس و سیمانتیک لەژێر کاریگەریی هۆکارە پراگماتیکی و گوتەییەکان لە پێکهاتەی زمان دەکۆڵێتەوە. بە واتایەکی تر ڕێزمانی ئەرک و ئاماژە بە کارلێککردنی نێوان سینتاکس، سیمانتیک و پراگماتیک لە سیستەمە ڕێزمانییەکان دەکۆڵێتەوە. (Robert D. Van Valin Jr. 2005: 1). دانەرانی ئەم تیۆرە بە دوای وەڵامی دوو پرسیارەوەن، کە ئەوانیش بریتین لە:

یەکەم: ئەگەر تیۆرێکی زمانی لە جیاتی زمانی ئینگلیزی لەسەر بنەمای بەشبەشکردن و شیکردنەوەی زمانە نائەورووپییەکانی وەکو: (لاکۆتا، تاگالۆگ، دیربال و بەربەر) دابمەزرێت بە چ شێوەیەک دەبێت؟

دووەم: لە سیستەمە ڕێزمانییە جیاوازەکاندا چۆن پەیوەندیی نێوان سینتاکس، سیمانتیک و پڕاگماتیک بە باشی دەردەکەوێت و شیدەکرێتەوە؟ (فرزانە رزقی، ١٣٩٣: ٣٨).

## ١-٢. پێکهاتەی سینتاکسی لە ڕێزمانی ئەرک و ئاماژەدا:

یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ئەم تیۆرە ئەوەیە، کە بڕوای بە بوون و نواندنی ئاستێک نییە، کە ببێتە جێگەی ناکۆکی و مشتومڕ. واتە: یەک ئاست بۆ ڕستە پەسنددەکات و بڕوای بە (ئاستی قوڵ و ڕووکەش)نییە، بەڵکو تەنیا یەک چێوە یاخود پێکاهاتەی ڕستە پەسند دەکات، ئەم پێکهاتەیەش هەمان پێکهاتەی ڕاستەقینەی ڕستەکەیە. (والی رضایی و معصومە دیانتی ١٣٩٦: ٧٣). چۆمسکی لە هەندێک تیۆردا پێی وایە، کە ڕستەسازی سەربەخۆیە لە واتاسازی. (نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو ٢٠١٧: ٢١٣)؛ بەڵام ( Robert D. Van Valin Jr. & Randy J. LaPolla) تێڕوانینێکی پێچەوانەیان هەیە و پێیانوایە، کە پەیوەندیی نێوان نواندنی سیمانتیکی و نواندنی سینتاکسی ڕاستەوخۆ پەیوەستن بەیەکەوە و هیچ کامیان لەوەی تر جیا نابێتەوە. ( Robert D. Van Valin Jr. & Randy J. LaPolla 1997: 317). ئەم پەیوەندییەش لە ڕێزمانی ئەرک و ئاماژەدا لە ڕێگەی سیستەمێکەوە، کە بە (ئالگۆریزمی پەیوەندی)ناسراوە ڕێکدەخرێت و دەنوێنرێت، کە بە ڕێکخستن یاخود نواندنی گشتی تیۆری ڕێزمانی ئەرک و ئاماژە ناودەبرێت. وەکو لە هێڵکاریی ژمارە (١)دا دەبینرێت:




هێلکاریی ژمارە (١) نواندنی گشتی تیۆری ڕێزمانی ئەرک و ئاماژە( Robert D. Van Valin Jr. 2005: 5).

## ١-٢-١. پێکهاتەی چێوەی پاڕستە:

لە چوارچێوەی ڕێزمانی ئەرک و ئاماژەدا پێکهاتەی سینتاکسی پێکدێت لە (پێکهاتەی پاڕستە، گرێیە بەندەکان و گرێیە ناوییەکان). لە پێکهاتەی چێوەی پاڕستەدا[١]، دوو لایەنی گرنگ لەبەرچاودەگیرێن،

---

١- دەشێت پاڕستە و چەمکی پارستە لە زمانی کوردیدا تا ڕاددەیەک جیاوازبێت لە زمانی ئینگلیزی، بەو پێیەی، کە لە زمانی کوردیدا وا پێناسەی پاڕستە کراوە، کە ڕستەیەکی بەندە و شوێنکەوتەی کەرەستەیەکی ترە، کە لە ڕووی سینتاکسی و سیمانتیکییەوە لە پاڕستە تەواو ترە، (یوسف نوری محەمەدئەمین: ٢٠١٥: ٦٥). هەرچی زمانی ئینگلیزییە، پاڕستە دابەشی دوو جۆر دەکات، ئەوانیش بریتین لە: پاڕستەی سەربەخۆ (clause Independent)، کە توانای دەرکەوتنی بەشێوەی ڕاستەوخۆ هەیە؛ پاڕستەی ناسەربەخۆیە (dependent clause) ئەم جۆرەیان ناتوانێت بەشێوەی سەربەخۆ دەربکەوێت. بۆ نموونە:

1) .a. You can have an ice cream

b. after you clean your plate

ئەوانیش بریتین لە پێکهاتەی پەیوەندی (structure relational) و پێکهاتەی ناپەیوەندی (non-relational structure). هەر وەکو (Robert D. Van Valin Jr. 2005: 1). ئاماژەی بۆ دەکات، پێیوایە، کە دەکرێت هەردوو پێکهاتەکە وەکو دوو چەمکی بنەڕەتی لە تیۆرەکەدا ئاماژەیان بۆبکرێت. پێکهاتەی پەیوەندی ئاماژەیە بۆ پەیوەندیی نێوان گوزارە و ئەو بابەتانەی، کە گوزارەیەک لە ڕستەدا وەریدەگرێت، ئەم پەیوەندییەش دەکرێت پەیوەندییەکی سیمانتیکی، سینتاکسی و پراگماتیکی بێت. هەرچی پێکهاتەی ناپەیوەندییە، گرنگی بە ڕێکخستنی پلەبەندی لە گرێ، پاڕستە و ڕستەکاندا دەدات. (شهرام پیمان، ١٣٩٤: ٦٦).

پێکهاتەی پاڕستە لەم تیۆرەدا فۆڕمێکی جیاوازتری هەیە، بە بەراورد بە تیۆرە سینتاکسییەکانی تر، ئەم تیۆرە لەسەر بنەمای دوو بەرانبەری دامەزراوە. یەکەم: بەرانبەریی نێوان گوزارە (predicate) و بابەتەکان (arguments)؛ دووەم: بەرانبەریی نێوان بابەتەکان (arguments) و نابابەتەکان (non-arguments)؛ نەوەکو لەسەر بنەمای بەرانبەریی پێکهاتەی گرێ ناوی (NPs) و پێکهاتەی گرێیە بەندەکان (PPs).

---

ڕستەی (1a)ی پێی دەگوترێت پاڕستەی سەربەخۆ، چونکە دەتوانێت بە تەنیا دەربکەوێت و واتاکەشی وەکو ڕستەیەکی ئاسایی تەواوە. بۆیە بە ڕستەی سادەش دادەنرێت. بەڵام ڕستەی (1b) هەرچەندە، کە پاڕستەیە، بەڵام واتاکەی تەواو نییە و پێویستی بە ڕستەیەکی ترە بۆ تەواوکردنی واتاکەی، بۆیە بە ڕستە دانانرێت. لە زمانی کوردیشدا هەرچەندە پاڕستەکان لە جۆری دووهەمن، واتە: ناتوانن بەشێوەی سەربەخۆ دەربکەون. بەڵکو لەتەک ڕستەیەکی تردا، کە بە شاڕستە ناودەبرێت دێن (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٣: ٧٣)؛ بەڵام بە پەیڕەوی لە تیۆرەکە و بەپێی هێڵکارییە درەختییەکە مامەڵە لەگەڵ ڕستە و پاڕستەکان دەکەین. واتە: لێرەدا چەمکی پاڕستە بۆ هەردوو (شاڕستە و پاڕستە) بەکاردەهێنرێت.

(BYONG-SEON YANG 1994: 142). (Robert D. Van Valin Jr) پێیوایە، کە پێکهاتەی چێوەی پاڕستە (The layered structure of the clause) بە کورتکراوەی (LSC) لەسەر بنەمای جیاوازیی واتایی دروستبووە، بۆیە بۆ هەر یەکەیەکی سینتاکسی ناوەوەی پاڕستەکان یەکەیەکی سیمانتیکی دیاریدەکات. وەکو لە خشتەی ژمارە (١)دا خراوەتەڕوو. (ANELIA STEVANOVA IGNATOVA 2008: 38).

| یەکەی سینتاکسی | یەکەی واتایی |
|---|---|
| ناوک (Nucleus) | گوزارە (Predicate) |
| بابەتی ناوەندی (Core Argument) | بابەت لە پێکهاتەی واتایی گوزارە دا |
| پەراوێز (حاشیە) (Periphery) | نا بابەت (non-arguments) |
| ناوەند (مرکز) (Core) | گوزارە + بابەت (Predicate + Arguments) |
| لاڕستە (= ناوەند + پەراوێز) | گوزارە + بابەت + نا بابەت (Predicate + Arguments+ Non-arguments) |

خشتەی ژمارە (١) دیاریکردنی یەکە سینتاکسی و سیمانتیکییەکان لە (LSC)دا (Robert D. Van Valin Jr. 2005: 5).

لەم تیۆرەدا یەکە پێکهێنەرەکانی چێوەی پاڕستە دابەشدەبن بۆ دوو بەش، کە بریتین لە: یەکە جیهانییەکان وەکو: (ناوک، ناوەند و یەکە پەراوێزییەکان)، یەک ناجیهانییەکانیش بریتین لە: (جێگای پێش ناوەند، جیگای دوای ناوەند، یەکە جیابووەوەکانی لای ڕاست و لای چەپ). بەرانبەریی نێوان یەکە جیهانییەکان لە خشتەی ژمارە (٢)دا خراوەتەڕوو:

| | | |
|---|---|---|
| گوزارە | + بابەتەکان | نابابەتەکان |

خشتەی ژمارە (٢)بەرانبەری نیوان ناوک، بابەتەکان و نابابەتەکان لە ڕێزمانی ئەرک و ئاماژەدا (Robert D. Van Valin Jr. 2005: 4)

هەروەها بەرانبەریی نێوان (ناوک، ناوەند و پەراوێز)یش لە ناو پاڕستەدا لە خشتەی ژمارە (٣)دا دەخرێتەڕوو.




خشتەی ژمارە (٣) بەرانبەریی نێوان ناوک، ناوەند و پەراوێز لە CLS دا.
(محمدرضا پهلوان نژاد و حسین رسول پور: ١٣٩١: ٣).

بۆ ڕوونکردنەوەی هەردوو خشتەی ژمارە (٢) و (٣)، ڕستەی ژمارە (١) لە هێلکاریی ژمارە (٢)دا دەخەینەڕوو.

١) دوێنێ لە زانکۆ ئەوین وتارەکەی خوێندەوە.




هێلکاریی ژمارە (٢) ناوک، ناوەند و پەراوێز لە ڕستەی زمانی کوردیدا

ئەم تیۆرە سوود لە هێلکاری درەختی وەردەگرێت بۆ شیکردنەوەی یەکە پێکهێنەرەکانی ڕستە، بەڵام جۆری هێلکارییەکە جیاوازە لەوەی، کە چۆمسکی خستوویەتیەڕوو، لەم تیۆرەدا ڕستە بەشی سەرەوەی

هێڵکارییەکەی گرتووە، دواتر پاڕستە و پاشان ناوەند دێن. (Robert D. Van Valin Jr. & Randy J. LaPolla) هێڵکارییە درەختییەکە بە گشتی بەم شێوەیە دەخەنەڕوو: (Robert D. Van Valin Jr & Randy J. Lapolla 1997: 31).




هێڵکاریی ژمارە (٣) نواندن درەختی (LSC) لە(RRG)دا. (Robert D. Van Valin, Jr & Randy J. LaPolla 1997:31)

ADV= ئاوەڵکار

XP= سەرە یان گرێ لەهەر کاتیگۆرییەک

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری هێڵکاریی ژمارە (٣) ڕستەی ژمارە (٢) بەپێی هێڵکارییە درەختییەکە دەنوێنین.

٢) دوێنێ هەردی پەنجەرەکەی شکاند.




هێلکاریی ژمارە (٤) نواندنی درەختی ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا

لە ڕێزمانی ئەرک و ئاماژەدا جگە لە جێکەوتەی کەرەستەکان، جێکەوتەیەکی تریش هەیە، کە تایبەتە بە کردەکانی وەکو: نەرێکردن، مۆداڵەتی، هێزی کردەی قسەیی و هتد. بە جێکەوتەی کردەکان ناودەبرێت، کە هەندێکیان گشتین و هەندێکیشیان تایبەتن بە زمانێکی دیاریکراو. هەرچەندە ئەم کردانە لە نواندنە درەختییەکاندا شوێنی تایبەت و جیایان بۆ تەرخانکراوە، ئەمەش لە هێلکاریی ژمارە (٥) خراوەتەڕوو، بەڵام هەردوو جێکەوتەکە (جێکەوتەی کەرەستەکان و کردەکان)، وەکو دوو لایەنی گرنگ و هاوتەریب بەشدان لە دروستکردنی ڕستەدا. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پێکهاتەی سینتاکسی بڕوانە: ( Emma L. Pavey 2010: 62-77). و (Robert D. Van Valin Jr. 2005).




هێڵکاریی ژمارە (٥) نواندنی درەختیی جێکەوتەی کەرەستەکان و کردەکان لە(LSC)دا. (Robert D. Van Valin Jr 2005: 12)

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر نموونەی (٣) بەپێی هێلکارییەکە دەخەینەڕوو.

٣) شیرین نانی نەدەخوارد.




هێلکاریی ژمارە (٦) نواندنی جێکەوتەی کەرەستەکان و جێکەوتەی کردەکان لە ڕستەی سادەی زمانی کوردیدا

**بەشی دووەم**

**پێکهاتەی لۆژیکی کارەکان:**

**٢. پێکهاتەی لۆژیکی:**

پێکهاتەی لۆژیکی (logical structure) بە لایەنێکی گرنگی ڕێزمانی ئەرک و ئاماژە دادەنرێت. ئەم تیۆرە بۆ نواندنی شێوە جیاوازەکانی

جۆری کردار سوود لە شیکردنەوەی فەرهەنگی (David Dowty: 1979) وەردەگرێت. لەم شیکردنەوەیەدا کارە (وەستا و چالاکی)یەکان وەکو کاتیگۆرییەکی بنەڕەتی لەبەرچاودەگیرێن و کاتیگۆرییەکانی تر لەم دوو جۆرە داتاشراون. (John R Roberts: 2009: 21).

لەسەر بنەمای ئەم شیکرنەوە فەرهەنگییە لە پێکهاتەی لۆژیکی کارە (وەستاو)ەکان تەنیا گوزارە (predicate) سادەکان هەن، دەشێت یەک یان دوو بابەت (arguments)یان هەبن. بۆ نموونە:

٤) a. مندااڵەکە نەخۆشە.

b. شۆفێرەکە ناونیشانی فەرمانگەکە دەزانێت.

هەروەها پێکهاتەی لۆژیکیی کارە چالاکییەکان لە یەکەی واتایی (do) بە واتایی (ئەنجامدان)دێت؛ سوودوەردەگرێت و دەکرێت یەک یان دوو بایەت لەخۆبگرن. بۆ نموونە:

٥) a. یاریزانەکان دەڕۆن.

b. ڕەوا وانەکانی دەنووسێتەوە.

هەرچی کارە (دەمەکی)یەکانیشن، کە گۆڕانی ساتی ڕوودەدات پێکهاتەی لۆژیکی هەڵگری یەکەی واتایی (INGR)، کە کورتکراوەی (ingressive)ە. ئەم کارانە یەک بابەت (argument)یان هەیە. (MAHAMANE L. ABDOULAYE 1992: 37). وەکو:

٦) تۆپەکە تەقی.

له پێکهاتەی لۆژیکیی کارە (بەجێهاتوو)ەکانیشدا یەکەی واتایی (BECOME)،کە بە واتای (بوون)دێت؛ دەبینرێت. دەشێت یەک یان دوو بابەت (argument)یان هەبێت. بە وێنە:

٧) a. گوڵەکان وشکبوون.

b. کەیوان شۆفێری فێربوو.

هەروەها کارە (چالاکی- بەجێهاتوو)ەکان، چەمکی (بوون)یان تێدایە و لەپێکهاتە لۆژیکییەکانیاندا سوود لە یەکەی واتایی (BECOME) وەردەگرن و دەشێت یەک یان دوو بابەتیان هەبێت. بۆ نموونە:

٨) a. نەسرین تا کۆلێژ ڕۆیشت.

b. میوانەکە نانەکەی خوارد.

هەرچی کارە (بێ ئەنجام)ەکانن. لە پێکهاتەی لۆژیکیاندا سوود لە یەکەی واتایی (SEML) وەردەگرن، کە کورتکراوەی (semelfactive). (John R. Roberts: 2016: 11). وەکو:

٩) a. شیلان پێکەنی.

b. شیلان سەیری وێنەکە دەکات.

بۆ نیشاندانی پێکهاتەی لۆژیکیی کارە هۆیی[٢] (causative)یەکان سوود لە (CAUSE) وەردەگیرێت. (ڕۆبێرت ڤان ڤالین و ڕاندی لاپۆلا)

---

١- ئەم توێژینەوەیە لە کارە هۆیی( Causatives)نادوێت. بۆ زانیاری لەسەر ئەم جۆرە کارانە بڕوانە: ((Robert D. Van Valin Jr. 2005

پێکهاتەی لۆژیکیی کاتیگۆری کارەکان بەپێی ئەم خشتەیەیی خوارەوە دەخەنەڕوو.

| پێکهاتەی لۆژیکی | پۆلی کار |
| --- | --- |
| predicate’ (x) or (x, y) | وەستاو |
| do’ (x, [predicate’(x) or (x, y)] | چالاکی |
| INGR predicate’(x) or (x, y) or<br>INGR do’ (x, [predicate’(x) or (x, y)]) | دەمەکی |
| SEML’ predicate’ (x) or (x, y) or<br>SEML’ do’ (x, [predicate’(x) or (x, y)]) | بێ ئەنجام |
| BECOME predicate’ (x) or (x, y) or<br>BECOME do’ (x, [predicate’(x) or (x, y)]) | بەجێهاتوو |
| do’ (x, [predicate$_1$, (x, (y))]) & BECOME predicate$_2$’ (z, x) or (y) | چالاکی بەجێهاتوو |
| A CAUSE b, where a, b are logical structures of any type | هۆیی |

خشتەی ژمارە (٤) نواندنی پێکهاتەی لۆژیکی پۆلە کارەکان ( Robert D. Van Valin Jr: 2007: 35)

## ٢-١. پۆلێنکردنی کارەکان لە زمانی کوردیدا بە پێی تیۆری ڕێزمانی ئەرک و ئاماژە:

کاتیگۆریی کار لە هەموو زمانەکاندا بە بەشێکی گرنگی ڕستە هەژماردەکرێت و بگرە لە هەندێک زماندا بە بێ بوونی ئەم کاتیگۆرییە ڕستە دروست نابێت، بۆیە کار وەکو ناوکی ڕستە و سەرەکیترین بەشی ڕستە لە ڕێزمانە جیاوازەکاندا هەڵگری تایبەتمەندیی سینتاکسی و سیمانتیکییە. سەرەتای پۆلێنکردنی کارەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەرستۆ، کە لەسەر بنەمای ڕوودانیان دابەشی سەر دوو جۆریان دەکات و ئامانجیشی

لەم جیاکارییە جیاوازیکردن بوو لە نێوان کارە وەستاو و کارە ناوەستاوەکان؛ هەروەها کارە ناوەستاوەکانیش دابەشی سەر دوو کۆمەڵەی تر دەکات، کە پێکدێن لە:

ا) ئەو کارانەی، کە خاڵی کۆتایی سروشتییان هەیە، وەکو کاری (دروستکردن).

ب) ئەو کارانەی، کە بەبێ بوونی خاڵی کۆتایی سروشتی دەتوانن بەردەوام بن. وەکو کاری (ڕاکردن).

بە بۆچوونی ئەرستۆ ئەو کردارانەی، کە خاڵی کۆتایی سروشتییان هەیە دەبنە کارێکی تەواو و دەکەونە ژێر کۆمەڵەی کارە کۆتادار یان تەواوەکان (telic)، ئەو کارانەش، کە هەڵگری خاڵی کۆتایی نین و دەتوانن بەردەوام بن؛ کۆتادارنین. واتە: (atelic)ن. (زهرا چراغی و غلامحسین کریمی دوستان، ١٣٩٢: ٤٤).

پاشان لەلایەن (زینۆ ڤاندلێر)ەوە بەپێی تیۆری (AKTIONSART)، کە وشەیەکی ئەڵمانییە و بە واتایی (جۆری کار)دێت کارەکان دابەشی سەر چەند پۆلێک دەکرێت. ئەم تیۆرە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی (١٩٦٧) لەلایەن (Zeno Vendler)ەوە خرایەڕوو، کە تیایدا کارەکان دابەشی سەر ئەم چوار گروپە دەکات (وەستاو، چالاکی، دەمەکی، بەجێهاتوو). دواتر و لە ساڵی (١٩٧٩) لەلایەن ( David R. Dowty) گروپێکی تر بۆ پۆلێنکارییەکە زیادکرا، کە بریتی بوو لە: (چالاکی- بەجێههاتوو). پاشانیش لە ڕێزمانی ئەرک و ئاماژەدا لەلایەن (Robert D. Van Valin Jr.)ەوە کۆمەڵەی یەکی تر بە ناوی (نابەردەوام). زیادکرا. واتە: ڕۆبێرت ڤان ڤالین لە پۆلێنکردنی کارەکاندا سوودی لە بیرۆکەی (Vendler و Dowty) وەرگرتووە، بەڵام هەندێ گۆڕانکاری تێدا کردووە. (John. R. Roberts 2016: 9). بنەمای

جیاکردنەوەی نواندنی سیمانتیکیی ئەم شەش پۆلە کارە پشت دەبەستێت بە چەند سیما (ئەدگار)ێک، کە بە شێوەی دوانەیی [ ± ] دەنوێنرێن. (DEBORAH KING: 2010: 151). بۆیە بە پێویستی دەزانین بەرلەوەی بچینە سەر پۆلێنی کارەکان بە کورتی ئاماژە بۆ ئەو سیمایانە بکەین. ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە:

### ٢-١-١. سیمای کارەکان:

سیمای وەستاو: بریتییە لە حاڵەتی جیاکەرەوە لە نێوان ڕوودان و ڕوونەدانی کردەیەکدا. بۆ نموونە کاتێک دەگوترێت (منداڵەکە ڕۆیشت.)، لەم نموونەیەدا کاری (ڕۆیشتن) [– وەستاو]وە، واتە: [+ داینامیکی]، بەڵام کاتێک ڕستەیەکی وەکو: (منداڵەکە دەترسێت.) گۆدەکرێت، کاری ئەم ڕستەیە (دەترسێت) پێچەوانی ڕستەی پێشووترە، واتە: [+ وەستاو] و [– داینامیکی]یە.

سیمای داینامیکی: ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئاخۆ بارودۆخەکە (situation) کردە (action) لەخۆدەگرێت یان نا. بۆ نموونە بارودۆخی ڕستەی (منداڵەکە ڕۆیشت.) ئاماژە بە کردەیەک دەکات، کە ئەویش (ڕۆیشت)ە و سیمای [+ داینامیکی] پێدەدرێت.

سیمای لوتکەیی: ئەم سیمایە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئاخۆ کردارەکە هەڵگری خاڵی کۆتایی ناوەکییە یان نا. بۆ نموونە:

١٠) a. بەفرەکە توایەوە.

b. زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە.

ئەگەر سەیری کاری (توانەوە) بکەین لە ڕستەی (a١٠)دا دەبینین، کە کاری ڕستەکە خاڵی کۆتایی ناوەکی هەیە. واتە: سنوورێک بۆ کۆتاییهاتنی

کردەکە دانراوە، بەڵام کاری (خولانەوە) لە ڕستەی (١٠b)دا خاڵی کۆتایی خودی نییە و هیچ سنووریک بۆ کۆتاییهاتنی کردەی خولانەوەکە دانەنراوە. بەمەش کاری (توانەوە) سیمای [+ لوتکەیی] وەردەگرێت و کاری (خولانەوە)ش سیمای [- لوتکەیی].

سیمای دەمەکی: ئەم سیمایە ڕووکاری نە خایاندن/ پێنەچوونی کردەیەک دەگرێتەوە لە ڕووی کاتەوە. بە واتایەکی تر ئەم سیمایە لەو کارانەدا دەردەکەوێت، کە بۆ ڕوودانیان پێویستیان بە ماوەیەکی کاتی کەمە و لەو ماوە کورتەدا دەبنە هۆی هێنانەکایەی حاڵەتێکی نوێ. وەکو کارە دەمەکییەکان. لەوانە: کاری (تەقین)، کە کردەکە زۆر بەخێرایی ڕوودەدات. بڕوانە: (Robert D. Van Valin Jr.: 2005: 33) و (شیلان عومەر حسەین: ٢٠١١: ١٥٢).

**٢-١-٢. کارە وەستاوەکان:**

کارە وەستاوەکان (state verbs)، بە تەبەقەیەکی گرنگی پۆلێنکارییەکە هەژماردەکرێن، یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەم جۆرە کارانە ڕوونەدانی گۆڕانکارییە. ئەم کارانە هەڵگری چەمکی کردەیی نین و بەگشتی ئاماژە بۆ هەستە ناوەکییەکان، خاوەنداریەتی و شوێن دەکەن. سەرەڕای ئەوەی، کە بۆ ڕوودانیان پێویستیان بە ماوەیەکی کورت یان درێژ هەیە و کاتێکی دیاریکراو و خاڵی کۆتایی خودییان نییە و مەودای کاتییان دیارنییە. (Robert D Van Valin Jr 2005: 32). وەکو لە نموونەکانی ژمارە (١١)دا دەبینرێت.

(١١) a. فێرخوازەکە مامۆستاکەی خۆشدەوێت.

b. فێرخوازەکە زیرەکە.

لە ڕستەی (a١١)دا هەستی کەسێکمان باسکردووە، پێویست ناکات ئاماژە بۆ کاتی کۆتاییهاتنی خۆشەویستی فێرخوازەکە بۆ مامۆستاکەی بکرێت و ناشزانرێت کەی کۆتایی بەم خۆشەویستییە دێت؛ هەروەها لە ڕستەی (b١١)یشدا بەهەمان شێوە لە کاری (بوون)دا بۆ کاتی ئێستا (ە)دا وەکو (خۆشویستن) سەرەتا و کۆتایی کارەکە گرنگ نییە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر وێنەی ژمارە (١) دەخەینەڕوو.




وێنەی ژمارە (١) نیشاندانی کاری وەستاوی (love) ( Emma L. Pavey
2010: 95

هەروەکو لە وێنەکەدا دیارە، کرداری خۆشویستن (Love)، یەکێکە لە کارە وەستاوەکان و دوو جەمسەری تیرەکە ئەوە دەردەخات، کە لە ڕووی گۆڕانی حاڵەت و نواندنی خاڵی کۆتایی سەرەتا و کۆتایی هاوچەشنن. بە واتایەکی تر لەم جۆرە کارانەدا نە گۆڕانکاری ڕوودەدات و نە دەزانرێت کەی کردەی خۆشویستن کۆتاییدێت. ئەم جۆرە کارانە هەڵگری سیمای [+وەستاو]، [–داینامیکی]، [–لوتکەیی]، [– دەمەکی]ن (John R Roberts: 2009: 20).

هەرچەندە ئەم جۆرە کارانە لە ژێر یەک ناونیشاندا بە ناوی (states) کۆدەبنەوە، بەڵام ئەمانەش لە ناو خۆیاندا هەموویان چوونیەک نین و دابەشدەبن بۆ سەر چەند لایەنێکی جیاواز. بۆ ئەم مەبەستەش (William Croft)، پێیوایە بۆ شیکردنەوەی هەر ڕووداوێک پێویستە دوو

ڕەهەند لەبەرچاوبگیرێن، ئەوانیش بریتین لە: ڕەهەندی کات و هەندێک جاریش ئاماژە دەکات بۆ حاڵەتەکان، قۆناغە چۆنیەتییەکان و گۆڕانکارییەکان، کە لە یەک ڕووداودا ڕوودەدەن، کە بە ڕەهەندی چۆنیەتیی کردارە وەستاوەکان ناودەبرێن. هەرچەندە (William Croft)، پۆلێنکارییەکەی (Zeno Vendler) پەسنددەکات، بەڵام پێیوایە، کە هەر کۆمەڵەیەک دابەشی سەر چەند جۆرێکی تر دەبێت و بۆ ئەم مەبەستەش کارە وەستاوەکان دابەشی سەر چوار گرووپی تر دەکات، کە پێکدێن لە:

**٢-١-٢-١. وەستاوە ناهەمیشەییەکان:**

وەستاوە ناهەمیشەیییەکان (states transitory)، ئەم جۆرە کارانە هەڵگری حاڵەتێکی کاتین و بە شێوەیەکی گشتی هەمیشەیی نین. بۆ نموونە ئەگەر کاری (نیگەران بوون)وەربگرین کارێکی ناهەمیشەییە، هەرچەندە دەشێت ماوەیەکی کاتی زۆر یاخود کەم بخایەنێت، بەڵام دەشێت حاڵەتەکە بگۆڕێت. ئەمەش لە نموونەکانی (١٢)دا خراوەتەڕوو:

١٢) a. مامۆستا نیگەرانە لە ڕەفتاری فێرخوازەکە.

b. میللەت نیگەرانە.

لە هەردوو نموونەی ژمارە (١٢)، کاری نیگەران هەیە، دەشێت ماوەی کاتی خایەنراو لە هەردووکیاندا وەکو یەک نەبێت، واتە: لە ڕستەی (a١٢)دا، کردەی نیگەرانبوون دەشێت ماوەیەکی کەمتر بخایەنێت، بە بەراورد بە ڕستەی ژمارە (b١٢)، بەڵام ئەوە مانای هەمیشەیی بوونی کردەی نیگەرانبوون  لە ڕستەی دووەمدا ناگەیەنێت، بەڵکو کردەکە لە هەردوو ڕستەکەدا ناهەمیشەییە. هەروەها (نەخۆش کەوتن، نەخۆشبوون، تێگەیشتن، بێدەنگبوون، تاریکبوون...) ناوی ئەم جۆرە کارانەن.

### ٢-١-٢-٢. وەستاوە بەدەستهاتووە هەمیشەییەکان:

وەستاوە بەدەستهاتووە هەمیشەییکان (acquired Permanent states)، ئەم جۆرانەش لە دوای ڕوودانیان بە شێوەیەکی هەمیشەیی بەردەوامییان هەیە. بۆ نموونە لە دوای (شکانی) شووشەیەک، حاڵەتی شکاوی بە شێوەیەکی هەمیشەیی دەمێنێتەوە. تەنانەت ئەگەر هاتوو شووشەکە دووبارە دروستکرایەوە، ئەوا ئەم شووشەیە شووشەیەکی ترە و هەمان شووشەی یەکەم نییە[٣].

### ٢-١-٢-٣. وەستاوە بۆماوەییە خودییەکان:

وەستاوە بۆماوەییە خودییەکان (Permanent inherent states)، ئەم جۆرە کارانە ئاماژە بۆ حاڵەتێکی خودی لە بابەتێکدا دەکەن، کە بۆ هەمیشە نەگۆڕ و جێگیرە. بۆ نموونە (کوردبوون) تایبەتمەندییەکە، کە هەر لە سەرەتای لە دایکبوونەوە تاکو مردن دەدرێتە پاڵ تاک.

---

[٣]- هەڵبەتە ئەمەش ڕەنگە بۆ هەمیشە و لە هەموو شوێنێک ڕاست نەبێت، بەتایبەتی لەکاتی بەکارهێنانی یەکەیەکی زمانی بە شێوەی (میتافۆڕ)ی بۆ نموونە دەتوانرێت کردەی (شکاندن) بەشێوەی میتافۆڕ لە گەڵ گرێی ناوی (دڵ)دا بەکاربهێنرێت، بۆ نموونە:

٢) منداڵەکە دڵی شکا.

کردەی شکان لەم ڕستەیەدا میتافۆڕە، بۆیە بەر پۆلێنی یەکەم، (وەستاوە ناهەمیشەییەکان)، چونکە دەشێت دوای ماوەیەک دڵشکاوییەکە نەمێنێت و بگۆڕێت. بۆ زانیاری زییاتر لەسەر میتافۆڕ. بڕوانە: ئەم سەرچاوانە: (بەکر عومەر عەلی: ٢٠٠٠، میتافۆڕ لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدینشش)، (ویدا شقاقی: ١٣٨٧، مبانی صرف، چاپ دوم، سمت، تهران).

## ٢-١-٢-٤. وەستاوە خاڵ (نقاط)یەکان:

وەستاوە خاڵ (نقطە)یەکان یاخود وەستاو ئاسا (states point)، کە بە وەستاوە (دەمەکی)یەکانیش ناودەبرێن. ئەمانەش دەرخەری حاڵەتێکن، کە لەیەک خاڵی کاتی کورت و دیاریکراودا ڕاستن. بۆ نموونە ئەگەر بگوترێت (سەعات پێنجی تەواوە)، ئەم ڕستەیە تەنیا بۆ ئەو حاڵەتە ڕاستە، کە سەعات پێنجی تەواوە، چونکە لەدوای تێپەڕبوونی چەند چرکەیەک سنووری پێنجی تەواو تێدەپەڕێت (William Croft 2012: 42). سەرەڕای ئەمانەش کاتی یان هەمیشەیی بوونی کارە وەستاوەکان لە بابەتێکی دیاریکراودا ملکەچی بابەتی ئاماژە بۆکراوە، بە واتایەکی تر ئەگەر (وشکبوون) لەگەڵ (جل و بەرگ، دەست، سەر، ئەندامەکانی تری جەستە...)دا بێت ئەوا دەبێت بە وەستاوی زوو تێپەڕ، بەڵام ئەگەر لەگەڵ (بیابان)دا بێت، ئەوا دەکەوێتە بەر خاڵی سێیەم. واتە دەشێت بەپێی ئەو جێکەوتەیەی (دەوروبەر- سیاق )، کە تیایدا دەردەکەوێت و بەهۆی کاریگەریی وشەکانیی دەوروبەر حاڵەتەکە بگۆڕێت.

ناوی هەندێک لە کارە وەستاوەکانی زمانی کوردی بریتین لەمانە: (باوەڕکردن، لەخۆگرتن، تێدابوون، بوون، گونجان، بیستن، زانین، عاشقبوون، شەرمەزاربوون، پەسندکردن، لێکچوون، وادانان، تێگەیشتن، وادەرکەوتن، بەبیرهاتنەوە. خۆشویستن، تێچوون، بیستن، زانین، گرنگبوون، هەبوون، بیرکەوتنەوە، پەیوەستبوون، ئارەزوو لێبوون، ڕازیبوون، گومانکردن، (گەمژەبوون، ژیربوون و هاوشێوەکانی تریان).

پێکهاتەی لۆژیکیی کارەکان پشت بە نواندنی فەرهەنگی کارەکان دەبەستێت، مەبەست لە نواندنی فەرهەنگی بریتییە لە: پەسندکردنی واتایی هەر کارێک، کە لە کاتێکدا یان مەودایەکدا ڕوودەدات. پێکهاتەی لۆژیکیی کارە وەستاوەکان، بەپێی ژمارەی بابەتەکان (arguments) بەم شێوەیە دەنوێنرێن.

Predicate’ (x)

Predicate’ (x, y)

be’/feel’ (x, [predicate’])

بۆ ئەو کارە وەستاوانەی، کە یەک بابەت وەردەگرن بە شێوەی Predicate’ (x)دەنوێنرێن. واتە: لەم جۆرە ڕستانەدا تەنیا یەک بابەت هەیە و ئەم بابەتەش بە هێمای (x) دەنوێنرێت. بۆ نموونە لە ڕستەی (کاتژمێرەکە شکاوە (.the watch is broken)دا گرێی (کاتژمێرەکە) = بە (x) و دەکەوێتە ناو کەوانەکە، هەرچی گوزارە (predicate)کەیە، ئەوا دەکەوێتە پێش و دەرەوەی کەوانەکە. واتە: بە شێوەی broken’ (the watch) دەنوێنرێت؛ بەڵام ئەگەر هاتوو کارە وەستاوەکە لەو کارانەبوو، کە دوو بابەتی وەرگرت، ئەوا بە شێوەی Predicate’ (x, y) دەنوێنرێت. بۆ نموونە ئەگەر لە زمانی کوردیدا کاری (هەبوون) وەربگیرین ئەوا دەتوانین هەردوو بابەتەکە لە پێکهاتە لۆژیکییەکەدا دیاریبکەین، ئەمەش لە ڕستەی ژمارە (١٣)دا دەبینرێت.

١٣). کوردۆ دوو خانووی هەبوو. (.Kurdo had two houses).

لە نموونەی ژمارە (١٣)دا کاری (هەبوون)، یەکێکە لەو کارانەی، کە نواندنە سیمانتیکییەکەی وایکردووە، کە دوو بابەت وەربگرێت و بە شێوەی have’ (Kurdo, two houses)

حاڵەتی سێیەمیش بۆ کارە وەستاوەکان لەگەڵ گوزارە ناوی یان ئاوەڵناوییەکاندا بەکاردێت. لەم حاڵەتەدا کارێک دەتوانێک وەکو بابەتێک گوزارەیەکی تر وەربگرێت. واتە لە حاڵەتی سێیەمدا گوزارەیەکی ناوی یان ئاوەڵناوی دەبێتە بابەتی (y) بۆ .de’ or feel بۆ نموونە ئەگەر کاری (هەستپێکردن) (feel) و (درێژبوون) (tall)وەربگرین ئەوا بە شێوەی

feel’ (x, [predicate’]) دەنوێنرێن، ئەمەش لە ڕستەی ژمارە (١٤)دا دەبینرێت.

١٤) a. ئەو هەست بە نەخۆشی دەکات. (She feel sick.)

Feel’ (she, [sick])

b. نازدار درێژە. (Nazdar is tall.)

be’ (Nazdar, [tall’])

### ٣.٢.١. کارە چالاکییەکان:

لە پۆلێنکردنی کارەکاندا بەم پۆلە کارە دەوترێت کارە چالاکییەکان (activity verbs)، کە چالاکی دەنوێنن و بۆ ئەنجامدانیان پێویستیان بە چەند قۆناغێکە و ئەم قۆناغانەش یەک بەدوای یەکدا ئەنجامدەدرێن، هەر قۆناغێکیش پێویستی بە ماوەیەکی کاتی خایەنراو هەیە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە بەپێی ڕێزمانی ئەرک و ئاماژە توانای بەردەوامبوونیان هەیە. (عبدالرحیم شریفی، ١٣٩٠: ٥٠). بۆ نموونە: لە ڕستەیەکی وەکو:

١٥) هاوڕێ مەلە دەکات.

ئەم ڕستەیە پێمان نالێت ئاخۆ (هاوڕێ) تاکو کوێ مەلەدەکات. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر وێنەی ژمارە (٢) دەخەینەڕوو.




وێنەی (٢) نواندنی کاری چالاکی (DANCE) ( Emma L. Pavey 2010: 96).

هەروەکو لە وێنەکەدا دیارە، کاری سەماکردن (DANCE) کارێکی چالاکییە، تیرەی وێنەکە لە خاڵی کۆتایی (END)دا ئەوە دەردەخات، کە ئەم جۆرە کارانە نواندنی کۆتاییان نییە و دەتوانن بۆ ماوەیەکی درێژتر بە بەراورد بە هەندێک کارەکانی تر بەردەوام بن. ( Robert D. Van Valin Jr) تایبەتمەندیی کارە چالاکییەکان بە شێوەی [− وەستاو]، [+ داینامیکی]، [− لوتکەیی]، [− دەمەکی] دەخاتەڕوو. ( Robert D. Van Valin Jr: 2005: 33). ناوی ئەم جۆرە کارانە لە زمانی کوردیدا بریتین لە: (ڕۆیشتن، قسەکردن، خواردن، خواردنەوە، کەوتن، لێنان، کارکردن، خەزنکردن، بردنەوە، پرسیارکردن، پیاسەکردن، ڕاکردن و هتد.).

ئەم کۆمەڵەیە هاوشان لەگەڵ کارە وەستاوەکاندا بە کۆمەڵەیەکی بنەڕەتی دادەنرێن، کە نواندنە لۆژیکییەکەیان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

do’ (x, [predicate’ (x)])

یان do’ (x, [predicate’ (x, y)])

حاڵەتی یەکەم بۆ ئەو کارانە بەکاردێت، کە یەک بابەت وەردەگرن، و حاڵەتی دووەمیش بۆ کارە دوو بابەتییەکان بەکاردێت. بەوپێیەی، کە لە کارە چالاکییەکاندا چەمکی (ئەنجامدان/ کردن-do) هەیە. بۆیە کاری (do) لە سەرەتا و لە دەرەوەی کەوانەکەدا دەنووسرێت. بە واتایەکی تر جیاوازیی نێوان کارە وەستاو و چالاکییەکان ئەوەیە، کە کارە چالاکییەکان هەمیشە بە کاری (do)دەستپێدەکەن، کە ئاماژەیە بۆ نواندنی چالاکی و جیایان دەکاتەوە لە کارە وەستاوەکان. لە نواندنە لۆژیکییەکەدا سەرەتا بابەتی یەکەم (x)دەنووسرێت دواتر گوزارەکە و پاشانیش بابەتی یەکەم (x) دووبارە دەنووسرێتەوە ( MAHAMANE L. ABDOULAYE 1992: 38). بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر با سەیری نموونەکانی ژمارە (١٦) بکەین.

١٦) a. منداڵەکە گریا. (The child cry.)

b. ئاشنا نامە دەنووسێت. (Ashna writes letter.)

لە نموونەی ژمارە (a١٦)دا، کاری ڕستەکە کارێکی تێنەپەڕە، بۆیە تەنیا یەک بابەتی وەرگرتووە ئەویش (منداڵەکە)یە؛ هەروەها کارەکەش (گریا) یەکێکە لە کارە (چالاکی)یەکان بەپێی نواندنە لۆجیکییەکە چەمکی (do) لەخۆدەگرێت و ڕستەکەش بەشێوەی ([do' (child, [cry' (child؛ هەروەها لە ڕستەی ژمارە (b١٦)دا لەبەرئەوەی کارەکە کارێکی تێپەڕە، بۆیە دوو بابەتی وەرگرتووە، واتە: گرێیە ناوییەکانی (ئاشنا و نامە) دوو بابەتن، بە جۆرێک، کە (ئاشنا) شوینی (x) دەگرێت و (نامە)ش شوێنی (y)دەگرێت. هەروەها کارەکەش، کە (نووسین)ە، دەبێتە گوزارە. واتە: ڕستەکە بە شێوەی ([do' (Ashna, [write' (Ashna, letter دەنوێنرێت.

کارە سێ شوێنییەکان (Three place predicates)، (ڕۆبێرت ڤان ڤالین) لە ساڵی (٢٠٠٧)دا لە وتارێکدا بە ناوی ( The Role and

Reference Grammar Analysis of Three-Place Predicates) باس لەم جۆرە کارانە دەکات. ئەم جۆرە کارانە لە زمانی ئینگلیزیدا بە (ditransitive verb) ناودەبرێن و لە زمانی کوردیشدا بە واتا کلاسیکییەکە بە کاری دوو بەرکاری (بەرکاری ڕاستەوخۆ) ناودەبرێن. لەسەر ئەم بنەمایەش (Arts) سێ جۆر پریدیکاتی جیاکردووەتەوە: ئەوانیش (پریدیکاتی یەک جێکەوتەیی، پریدیکاتی دوو جێکەوتەیی و پریدیکاتی سێ جیکەوتەیی)ن. (سازان زاهیر سەعید، ٢٠٢٠: ٥٣). بەپێی ئەم تیۆرە هیچ کارێک ناتوانێت لە دوو بابەت زیاتر وەربگرێت. هەر بۆیە ئەو کارانەی سێ بابەت وەردەگرن نواندنێکی واتایی ئاڵۆزی (complex)یان هەیە. نواندنی واتایی و لۆژیکی ئەم جۆرە کارانە بەم شێوەیە دەخرێتەڕوو:

[do’ (x, Ø)] CAUSE [BECOME predicate’ (y, z)]
(Robert D. Van Valin Jr. 2007: 43)

لە زمانی کوردیدا چەند کارێک هەن، کە بەکاری سێ شوێنی ناودەبرێن، ئەوانیش بریتین لە: (دان، فێرکردن، تێکردن و هتد) پێکهاتەی لۆژیکیی ئەم کارانە لە خشتەی ژمارە (٥)دا هاتووە.

| کار | پێکهاتەی لۆژیکی |
|---|---|
| دان | [do, (x, Ø)] CAUSE [BECOME have’ (y, z)] |
| فێرکردن | [do, (x, Ø)] CAUSE [BECOME know’ (y, z)] |
| تێکردن | [do, (x, Ø)] CAUSE [BECOME add’ (y, z)] |

خشتەی ژمارە (٥) نواندنی پێکهاتەی لۆژیکیی هەندێ لە کارە سێ شوێنییەکانی زمانی کوردیدا

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر ڕستەی ژمارە (١٧) دەخەینەڕوو، کە کرداری ڕستەکە کردارێکی سێ شوێنییە.

١٧) مامۆستا خوێندکارەکەی فێری زمانی کوردی کرد.

پێکهاتەی لۆژیکیی ئەم ڕستەیە، کە پشت بە نواندنی فەرهەنگیی کارەکە دەبەستێت، بەم شێوەیەی خوارەوە دەنوێندرێت:

[do, (مامۆستا, Ø) CAUSE [BECOME have' ,خوێندکار)]
زمانی کوردی)

لە ڕستەی ژمارە (١٧)دا گرێی ناوی (مامۆستا) جێکەوتەی (x) پڕکردووەتەوە، هەروەها گرێی ناوی (خوێنکار)یش، جێکەوتەی (y) پڕکردووەتەوە، هەرچی گرێی ناوی (زمانی کوردی)ییە، لە پێکهاتەی لۆژیکیی گوزارەی ڕستەکەدا جێکەوتەی (z) پڕدەکاتەوە.

٢-١-٤. کارە دەمەکییەکان:

کارە دەمەکییەکان (Achievements)، پۆلی سێیەمی کارەکان پێکدەهێنن. ئەم جۆرە کارانە گۆڕانی حاڵەت لەخۆدەگرن، هەروەها لە ماوەیەکی کاتی کورتدا ڕوودەدەن و کۆتاییاندێت و بارودۆخێکی تازە دێننە ئاراوە؛ بۆیە توانای بەردەوامبوونیان نییە و هەڵگری خاڵی کۆتایی خودین. (Emma. L. Pavey: 2010: 97). (کەوتن، تەقین، مردن، شکان، گەیشتن، دەرکەوتن، لێدان و هتد.) ناوی ئەم جۆرە کارانەن. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر نموونەکانی ژمارە (١٨) و وێنەی ژمارە (٣) دەخەینەڕوو.

١٨) a. تایەکە تەقی. (The tire popped.)

b. ماموستا سەرنجی وێنەکە دەدات. (The teacher glimpsed the picture.).




وێنەی ژمارە (٣) وینەی نواندنی کاری دەمەکی (pop) ( Emma L. Pavey 2010: 97)

وەکو لە وێنەکەدا دەردەکەوێت، سەرەتا باڵۆنێک هەیە و پڕە لە هەوا، بەڵام لە حاڵەتی دواتردا و کت و پڕ باڵۆنەکە دەتەقێت، بە جۆرێک، کە سەرەتا و کۆتایی کردەکە زۆر لێکنزیکن، هەر وەکو هەردوو سەری تیرەکە لهمخاڵی دەستپێک و کۆتاییدا یەکیان گرتووەتەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ کەمیی مەودای ڕوودانی کارەکە و کۆتاییهاتنی، لە حاڵەتی سێیەمیشدا باڵۆنکە جارێکی تر ناتوانرێت بە هەمان شێوەی پێشوو بەکاربهێنرێتەوە. بەهۆی ئەوەی، کە ئەم جۆرە کارانە خاڵی دەستپێک و کۆتاییان زۆر لە یەک نزیکە ناتوانن بە شێوەی بەردەوامی دەربکەون. (والی رضایی ١٣٩١: ٢٩). ئەمە بۆ کارەکانی تریش ڕاستە. بۆ نموونە ئەگەر کارەکانی (کەوتن و لێدان) وەربگرین، بەهەمان شێوە کردەی دەمەکین و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ڕوودەدەن. ئەمەش لە ڕستەکانی ژمارە (١٩)دا خراوەتەڕوو:

٢٩) a. ئاری لە نەوزادی دا.

b. منداڵەکە کەوت.

تایبەتمەندیی ئەم کۆمەڵە کارە بەپێی ڕێزمانی ئەرک و ئاماژە بریتییە لە: [-وەستاو]، [-داینەمیکی]، [+لوتکەیی]، [+دەمەکی].

کارە دەمەکییەکانیش دابەشدەبن بۆ سەر ئەم جۆرانەی خوارەوە:

**٢-١-٤-١. دەمەکییە کورتخایەنەکان:**

ئەم جۆرە کارانە بە ماوەیەکی زۆر کەم ڕوودەدەن، بە جۆرێک، کە دەتوانرێت لە ماوەی چەند چرکەیەکدا ڕووبدەن، هەروەها لە ماوەیەکی کەمیشدا کۆتاییان دێت. بۆ نموونە:

٢٠) a. تۆپەکە تەقی.

b. منداڵەکە کەوت.

لە ڕستەکانی ژمارە (٢٠)دا کردەی (تەقین و کەوتن)ماوەی نێوان خاڵی دەسپێک و خاڵی کۆتاییان زۆر لێکنزیکن و ڕەنگە ڕوودانیان لە چەند چرکەیەک تێپەڕنەکەن.

**٢-١-٤-٢. دەمەکییە بەردەوامەکان:**

ئەو کارانەی، کە بە شێوەیەکی دەمەکی بەردەوام دەردەکەون، هەر وەکو کارە دەمەکییە کورتخایەنەکان لە ماوەیەکی کورتدا ڕوودەدەن، واتە خاڵی دەستپێکیان وەکو یەکە، بەڵام جیاوازییان ئەوەیە، کە دوای ڕوودانیان بۆ ماوەیەکی زیاتر دەمێننەوە. بە واتایەکی تر خاڵی دەستپێک و کۆتایی لەم جۆرە کارانەدا لێکنزیک نین. بۆ نموونە: کاری

(ڕاوەستان)یاخود (دانیشتن)، ئەم دوو کارە، خاڵی دەستپێکیان بە شێوەیەکی دەمەکی دەستپێدەکەن، واتە کردەی وەستانەکە یان دانیشتنەکە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ڕوودەدات، بەڵام دوای دەستپێکردنی ڕووداوی (ڕاوەستان و دانیشتن)کردەکان بەردەوامییان هەیە (مریم مجیدی، ١٣٨٨: ١٤٧-١٤٨).

پێکهاتەی لۆژیکیی کارە دەمەکییەکان سوود لە یەکەی واتایی (INGR) وەردەگیرێت، کە کورتکراوەی (ingressive)ە و بە واتای (inchoative) یان (inceptive aspect)دێت. ئەم زاراوانە ئاماژەن بۆ نیشاندانی لایەنێکی کار، واتە: دەستپێکی کارێک نیشاندەدەن، کە بە گشتی بە خواستی خۆیان ڕوودەدەن. بۆ نموونە کردەی (مردن، کەوتن، شکان، ...) ئەم کردانەن، کە زۆرجار ڕوودانیان خۆکردە و لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدا نین، ئەگەر هاتوو مرۆڤ هەستا بە ئەنجامدانیان یاخود هۆکارێکی تری ئاشکرا هەبوو بۆ ڕوودانیان، ئەوا دەبن بە ڕستەی (هۆیی- causative). بۆ نموونە: ڕستەی (تۆپەکە تەقی.) جیاوازە لە ڕستەی (منداڵەکە تۆپەکەی تەقاند.) یەکەمیان ڕستەیەکی بێنیشانە و دووەمیان ڕستەیەکی (هۆیی)یە. کارە دەمەکییەکان بەپێی ڕێزمانی ئەرک و ئاماژە دەکرێت کاری یەک بابەتی بن یاخود دوو بابەت وەربگرن؛ هەروەها نواندنە لۆژیکییەکەیان بەم شێوەیە دەخرێتەڕوو:

INGR Predicate’ (x) or (x, y)

INGR do’ (x, [predicate’ (x) or (x, y)]) یان

بۆ نموونە لە ڕستەی (تایەکە تەقی.)دا، کردەی تەقین کردەیەکە پێویستی بە یەک بابەتە و نواندنە لۆژیکییەکەی بە شێوەی INGR popped’ (the tire) دەخرێتەڕوو. بەڵام لە ڕستەی (مامۆستاکە سەرنجی وێنەکە دەدات.)دا ڕستەیەکە دوو بابەتی وەرگرتووە و نواندنی

لۆژیکیی ئەم جۆرە ڕستانە بە شێوەی INGR glimpsed' (the teacher, picture) دەخرێتەڕوو. لە زمانی کوردیدا بە گشتی زۆربەی کارەکانی سەر بەم کۆمەڵەیە، کاری تێنەپەڕن و یەک بابەت وەردەگرن، بە واتایەکی تر ئەو کارانەن، کە بکەری ڕێزمانی لەخۆدەگرن. وەکو: کارەکانی (گەیشتن، کەوتن، مردن، تەقین، شکان، ڕووخان و هتد.).

**٢-١-٥. کارە بەجێهاتووەکان:**

کارە بەجێهاتووەکان (Accomplishments)، وەکو کارە (دەمەکی)یەکان هەڵگری چەمکی گۆڕینی بارودۆخن، بەڵام بە بەراورد بە کۆمەڵەی سێیەم ماوەیەکی درێژتریان پێویستە و لە قۆناغێکەوە دەچنە قۆناغێکی تر. لەبەرئەوەی گوزارشت لە گۆڕانکاری دەکەن، بۆیە نواندنی کۆتایی خودییان هەیە. ئەم کارانە لە ڕووی کاتەوە سنووردار نین و بە پێچەوانەی کۆمەڵەی سێیەم دەتوانن بەردەوام بن. (فرزانە رزقی ١٣٩٣: ٣٩). بە سەرنجدان لە نموونەکانی خوارەوە بیرمان بۆ ئەوە دەچێت، کە ئەم کۆمەڵە، زیاتر ئەو کارانە لەخۆدەگرێت، کە لایەنی ڕاستیی زانستی و سروشتییان لەخۆگرتووە. نموونەی ناوی ئەم جۆرە کارانە بریتین لە: (توانەوە، گەورەبوون، پێگەیشتن، زەردبوون، پیربوون و ...). بۆ نموونە:

(٢١) a. منداڵی دراوسێکەمان گەورەبووە.

b. بەهاتنی نەورۆز بەفری کێوەکان دەتوێتەوە.

c. بەهاتنی پایز گەڵای دار زەرد دەبێت.

یاخود بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر با سەیری وێنەی ژمارە (٤) بکەین.




وێنەی ژمارە (٤) نواندنی کاری (توانەوە) و (چاکبوونەوە). ( .Emma L
.(Pavey 2010: 98

وەکو لە وێنەکەدا دەردەکەوێت هەردوو کارەکە خاڵی دەستپێک و کۆتاییان جیاوازە. لەکاری توانەوە (melt)دا سەرەتا بووکەبەفرینەیەک هەیە، پاش ماوەیەک ئەم بووکەبەفرینەیە تواوەتەوە و بووە بە ئاو، هەروەها کاری چاکبوونەوە(recover)ش بەهەمان شێوە لە خاڵی یەکەمدا حاڵەتی شکاویی قاچی یاریزانێک بەدیدەکرێت، بەڵام لە خاڵی کۆتاییدا، یاریزانەکە لە شکاوییەکە چاکبووەتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەم کارانە گۆڕانی بارودۆخ لەخۆدەگرن. ئەم جۆرە کارانە بە پێچەوانەی کارە چالاکییەکانن، چونکە نواندنی کۆتاییان هەیە. بە واتایەکی تر ئەم جۆرە کارانە تاکو بە تەواوی ئەنجامنەدرێن ناتوانرێت پرسیاری ئەوە بکرێت، کە (فلان چ کارێکی ئەنجام داوە؟) بۆ نموونە ئەگەر فێرخوازێک لە کاتی فێربوونی بابەتێکدا بێت تاکو بابەتەکە فێرنەبێت ناتوانین بڵێین بابەتەکەی فێربووە، بەڵام لە کارە چالاکییەکاندا بەم شێوەیە نییە. (والی رضایی ١٣٩١: ٢٨). بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر با سەیری نموونەکانی ژمارە (٢٢) بکەین.

٢٢) a. من بازنە دەکێشم.

b. من پاڵ بە سەیارەوە دەنێم.

ڕستەی ژمارە (a۲۲)، ڕستەیەکە، کە کارەکە سەر بە کۆمەڵەی کارە بەجێهاتووەکانە، چونکە کاری (کێشان) خاڵی کۆتایی هەیە. واتە کردەی کێشانی بازنەیەک بە واتای خاڵی کۆتایی دێت، هەروەها خاڵی دەستپێک و کۆتایی ئەم ڕستەیە ڕوون و دیاریکراوە؛ بەڵام لە ڕستەی ژمارە (۲۲b)دا کاری چالاکیی بوونی هەیە؛ واتە: کاری (پاڵنان)، یەکێکە لەو کارانەی، کە خاڵی دەستپێکی دیارە؛ بەڵام خاڵی کۆتایی دیار نییە و دەشێت کردەی (پاڵنان)بەردەوامی هەبێت. یاخود ئەگەر سەیری کاری (تەواوکردن)بکەین، ئەوا دەبینین، کە وەکو کارێکی بەجێهاتوو دەردەکەوێت و لە حاڵەتی دەرکەوتنی وەکو کارێکی چالاکیی ڕستەی ناڕێزمانی دروستدەکات. بۆ نموونە دەکرێت بگوترێت:

۲۳) a. (شیرین ڕەنگکردنی وێنەکەی تەواوکردووە.) بەڵام ئەگەر بڵێین:

b. (*شیرین پیاسەکەی تەواو کردووە) ڕستەیەکی ناڕێزمانی دروستدەبێت.

لە ڕێزمانی ئەرک و ئاماژەدا بۆ هەر جۆرە کردەیەک (AKTIONSART) پێکهاتەیەکی لۆژیکیی جیاواز هەیە. نواندنی لۆژیکیی کارە بەجێهاتووەکان پشت بە نواندنی فەرهەنگیی کارەکان دەبەستێت، لەم جۆرە کارانەدا چەمکی (بوون)هەیە. کاری (بوون) هەروەکو چۆن بە بەشداربوو و پێکهێنەرێکی سەرەکیی کارە وەستاوەکان دادەنرێت، لە کارە بەجێهاتووەکانیشدا بەهەمان شێوە بە لایەنێکی سەرەکی دادەنرێت، بە جۆرێک، ئەگەر لە نواندنی سینتاکسیی کارەکەشدا بەشدار نەبێت، ئەوا لە نواندنە سیمانتیکی و لۆژیکییەکەدا چەمکەی (بوون)هەیە. بۆ نموونە لە کارەکانی (زەردبوون، وشکبوون، سەوزبوون هتد.). کاری بوون یەکێکە

له پێکهێنەرەکان، بەڵام لەکاری (توانەوە)دا هەرچەندە کاری (بوون) نییە، کەچی چەمکی (بوون) لەخۆدەگرێت، ئەمەش لە ڕستەی (٢٤) (بەفرەکە توایەوە.)دا دەبینرێت، کە واتای ئەم ڕستەیە یەکسانە بە (٢٥) (بەفرەکە بوو بە ئاو.) کارە بەجێهاتووەکان، کە [- دەمەکی]ین، پێکهاتەی لۆژیکییان بەم شێوەیە دەردەکەوێت.

BECOME predicate’ (x) or (x, y)

BECOME do’ (x, [predicate’ (x) or (x, y)])

له زمانی کوردیدا کاری (توانەوە) یەکێکە لە کارە بەجێهاتووە یەک بابەتییەکان، کە نواندنە واتایی و لۆژیکییەکەی بە شێوەی BECOME melt’(x) دەنوێنرێت. هەروەها کاری (زانین)یش یەکێکە لە کارەکانی سەر بەهەمان کۆمەڵە، بەڵام دوو بابەت وەردەگرێت و بە شێوەی BECOME learn’ (x, y) دەنوێنرێت. هەروەکو لە ڕستەکانی ژمارە (٢٦)دا دەبینرێت.

٢٦) a. بەفرەکە توایەوە. (The snow melt.)

BECOME melt’ (Snow)

b. منداڵەکە فەڕەنسی فێربوو. (Thy boy learned French.)

BECOME Know’ (the boy, French)

**٢-١-٦. چالاکی- بەجێهاتوو:**

له چالاکی- بەجێهاتووەکان (Active-Accomplishments)دا پەیوەندییەکی داتاشراو هەیە لە نێوان دوو کۆمەڵەدا، ئەوانیش بریتین لە: کۆمەڵەی کارە (چالاکییەکان و بەجێهاتووەکان). بە واتایەکی تر، ئەم کۆمەڵەیە (چالاکی - بەجێهاتوو)، بەرهەمی کارلێککردنی نێوان کارەکانی

سەر بە کۆمەڵەی کارە چالاکییەکان و کارە بەجێهاتووەکانە. کاتێک ئەم دوو کۆمەڵەیە کارلێکدەکەن، بە هەمان سیما یاخود تایبەتمەندیی پێشووتر دەرناکەون، بەڵکو یەکێک لە سیمای کارە چالاکییەکان و یەکێکیش لە سیمای کارە بەجێهاتووەکان دەگۆڕێت. بۆ نموونە لە کارە چالاکییەکاندا [– لوتکەیی]یە، و لە چالاکی بەجێهاتوو دەبێت بە: [+لوتکەیی]، هەروەها بەجێهاتووەکان [– داینامیکی]یە، بەڵام لە کارە چالاکەکاندا دەبێت بە: [+داینامیکی]. بە گشتی تایبەتمەندیی ئەم کۆمەڵەیە بەم شێوەیە: [– وەستاو]، [+ داینامیکی]، [+لوتکەیی]، [–دەمەکی]. ( John R Roberts 2016: 8-9). گۆڕینی کارە چالاکییەکان بۆ چالاکی - بەجیهاتوو، پەیوەستە بە دیاریکردنی خاڵی کۆتایی (end point) کارەکە، بە واتایەکی تر بە گۆڕینی سیمای [–لوتکەیی] و کردنی بە سیمای [+ لوتکەیی] کارەکە دەبێت بە چالاکی - بەجێهاتوو. (Emma. L. Pavey 2010: 100). بۆ نموونە:

٢٧) a. شیرین ڕۆیشت.

b. شیرین تا خوێندنگە ڕۆیشت.

کاری نموونەکانی ژمارە (٢٧) بریتییە لە: (ڕۆیشتن)، لە ڕستەی (a٢٧)دا کارەکە سەر بە کۆمەڵەی کارە چالاکییەکانە، کە یەکێک لە سیماکانی بریتییە لە [–لوتکەیی]، بەڵام لە ڕستەی ژمارە (b٢٧)دا بەهۆی گرێی (تا خوێندنگە)، کارەکە وەکو کارێکی چالاکیی بەجێهاتوو خۆی دەنوێنێت، چونکە بەهۆی ئەم گرێیە سیمای [–لوتکەیی] گۆڕاوە بۆ [+لوتکەیی]. واتە: (شیرین) بۆ شوێنێک دەچێت، کە خاڵی کۆتایی دیاریکراو و زانراوە. بە گشتی لەم حاڵەتانەشدا پشت بە نواندنی سینتاکسیی کارەکان دەبەسترێت نەوەکو نواندنە فەرهەنگییەکە. مەرجیش نییە هەمیشە ئەم جۆرە گرێیانە ببنە هۆی گۆڕینی کارە چالاکییەکان بۆ کارە چالاکی- بەجێهاتوو، بەڵکو هەندێکجار بەبێ بوونی هیچ دەستواژەیەکی

لەم چەشنە کارەکە ئەم واتایە دەدات. وەکو لە نموونەی ژمارە. (٢٨)دا دەبینرێت.

٢٨) وەستاکە خانووەکەی بۆیە/ دروست کرد.

کاری (بۆیەکردن/ دروستکردن) لەوکارانەن، کە خاڵی دەستپێک و کۆتاییان دیارە، بۆیە دەبن بە چالاکی-بەجێهاتوو. ئەگەر ئەم کارانە بەراورد بکەین بە کاری (ڕۆیشتن)جیاوازیی نێوان چالاکی و چالاکی-بەجێهاتوو ڕووندەبێتەوە، چونکە لە کاری ڕۆیشت خاڵی دەستپێک دیارە، بەڵام خاڵی کۆتایی ڕوون نییە و نازانرێت کردەی (ڕۆیشتن)تاکەی و کوێ بەردەوام دەبێت. ناوی ئەم جۆرە کارانە لە زمانی کوردیدا بریتین لە: (بۆیهکردن، نووسین، دروستکردن، خواردنەوە، جوین، جاوین، خوێندنەوە و هتد). نواندنی لۆژیکیی ئەم جۆرە کارانە (چالاکی-بەجێهاتوو) بەم شێوەیە دەخرێنەڕوو:

do’ (x, [predicate1’ (x, (y))]) & BECOME predicate2’ (z, x) or (y)

بۆ نموونە ڕستەکانی ژمارە (٢٩) بەم شێوەیە دەنوێنرێن.

٢٩) a. سەربازەکان بە نمایشی سەربازییەوە تا پارکەکە ڕۆیشتن.

b. شنۆ وێنەی شیرازی کێشا.

do’ (soldiers, [march’ (soldiers)]) & BECOME be-at’ (park, soldiers)

do’ (Shino, [paint’ (Shino, Shiraz’s portrait)]) & BECOME exist’ (Shiraz’s portrait)

**٢-١-٧. کارە نابەردەوامەکان:**

کارە نابەردەوامەکان یاخود بێ ئەنجامەکان (semelfactive)، زاراوەی (semelfactive) لە (Semel)ی لاتینییەوە هاتووە، کە بە واتای (یەکجار) (once)دێت و لە زمانە سلاڤییەکاندا ئاماژەیە بۆ پاشگرێک، کە ڕووداوی تاک (event single) نیشاندەدات. لێرەشدا بۆ ئاماژەکردن بە ڕووداوە دەمەکییە ناتەواوەکان بەکاردێت. ( Carlota S. Smith 1997: 29). هەرچەندە جیاکردنەوەی کاتیگۆریی ئەم جۆرە کارانە قورسە (Susan Rothstein 2004: 185)؛ بەڵام کارەکانی سەر بەم کۆمەڵەیە وەکو کارە دەمەکییەکان وان، شێوەی ڕوودانیان دەمەکییە و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ڕوودەدەن، بەڵام بەوە لە کارە دەمەکییەکان جیادەکرێنەوە، کە نابنە هۆی گۆڕینی حاڵەت و بارودۆخێکی تازە ناهێننە ئاراوە. بۆ نموونە:

٣٠) دەست لە مێزەکە دەدەم.

ئەگەر سەیری ڕستەی (٣٠) بکەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە کاری (دەستلێدان) نەبووەتە هۆی گۆڕین و هێنانەکایەی حاڵەت و بارودۆخێکی تازە. ئەمەش خاڵی جیاکەرەوەیانە لەگەڵ کارە دەمەکییەکاندا. یاخود بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر با سەیری وێنەی ژمارە (٥) بکەین.




وێنەی ژمارە(٥) نواندنی وێنەیی کاری بێئەنجامی چەپڵەلێدان (CLAP) (Emma L. Pavey 2010: 99).

وەکو لە وێنەکەدا دیارە کردەی چەپڵەلێدان لە خاڵی سەرەتا و خاڵی کۆتاییدا هاوشێوەی یەکن و هیچ جۆرە گۆڕانێکی بارودۆخ ڕووی نەداوە. سیمای ئەم کارانە بریتییە لە: [-وەستاو]، [± داینامیکی]، [-لوتکەیی]، [+دەمەکی]. (Robert D. Van Valin 2005: 33). (پێکەنین، کۆکین، پژمین، چاونوقاندن، ترپەترپ کردن، لێدان، چەپڵەلێدان، سەرنجدان، تەماشاکردن، درەوشانەوە و هتد). ناوی ئەم کارانەن. کارە نابەردەوامەکان بە زۆری واتای دووبارەبوونەوە دەگەیەنن. بۆ نموونە.

٣١) a. خوێندکارەکان چەپڵەلێدەدەن.

b. ڕووناکییەکە دەدرەوشێتەوە.

لە نموونەی ژمارە (٣١)دا کاری (چەپڵەلێدان) و (درەوشانەوە)، واتای دووبارەبوونەوە بەدیدەکرێت. بە جۆرێک، کە کردەی چەپڵەلێدانەکە زیاتر لە جارێک دووبارە دەبێتەوە. (Emma L. Pavey 2010: 99)؛ هەروەها کردەی درەوشانەوەش بەهەمان شێوە واتای دووبارەبوونەوە دەگەیەنێت؛ بە پێچەوانەشەوە لە نموونەیەکی وەکو:

٣٢) مامۆستاکە سەرنجی فێرخوازەکان دەدات.

دەشێت لە ڕستەی ژمارە (٣٢)دا کردەی سەرنجان، تەنیا یەک جاربێت و دووبارەبوونەوە لەخۆنەگرێت، یاخود هەندێک جار لە ناکاو سەرنجی کەسێک دەدەیت و ئەم سەرنجدانە یەکجارە و لە ماوەیەکی کەمدا کۆتاییدێت. پێکهاتەی لۆژیکیی ئەم جۆرە کارانە بە شێوەی

SEML predicate’ (x) or (x, y), or

SEML do’ (x, [predicate’ (x) or (x, y)]) دەخرێتەڕوو.

بۆ نموونە کاری (سەرنجدان) یەکێکە لەو کارانەی، کە لە ڕستەی ژمارە (٣٣)دا بەم شێوەیەی خوارەوە دەنوێنرێت:

٣٣) دانا سەرنجی وێنەکە دەدات.

| | |
|---|---|
| (Dana glimpsed the picture.) | SEML see' (Dana, picture) |

هەروەها کاری (کۆکین)یش بەهەمان شێوە سەر بەم کۆمەڵە کارەیە و نواندنە لۆژیکییەکەی لە ڕستەی (٣٤)دا بەم شێوەیە دەنوێنرێت:

٣٤) ماری کۆکی.

| | |
|---|---|
| (Mary coughed.) | SEML do' (Mary, [cough' (Mary)]) |

**ئەنجام:**

١) لە زمانی کوردیشدا کارە وەستاو و کارە چالاکییەکان بە پۆلێکی گرنگ و بنەڕەتی دادەنرێن و سەرجەم پۆلەکانی تر لەم دوو پۆلە وەرگیراون.

٢) کارەکانی زمانی کوردی لە فەرهەنگدا پێکهاتەیەکی لۆژیکیی جیاوازیان هەیە، هەر لەبەر ئەوەشە، کە دەبێت پێکهاتەی لۆژیکیی کارە کوردییەکان لە فەرهەنگەوە هەڵبهێنجرێت.

٣) تیۆری ئەرک و ئاماژە لێکدانەوەی تایبەتی بۆ کاری بوون لە زمانی کوردیدا هەیە، کاری (بوون) بە پێکهینەرێکی سەرەکیی کارە وەستاو و بەجێهاتووەکان دادەنرێت، بە جۆرێک، ئەگەر لە نواندنی سینتاکسیی کارەکانیشدا بەشدار نەبێت، ئەوا لە نواندنە سیمانتیکی و لۆژیکییەکەدا چەمکی (بوون)هەیە.

٤) ئەم تیۆرە لەگەڵ زمانی کوردی گونجاوە و دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە پێکهاتە لۆژیکییەکانی کاری کوردی دەستنیشانبکرێن.

## سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی:

١) عەبدولواحید موشیر دزەیی: (٢٠١٣)، ڕستەسازی ڕۆنانکاری و گوێزانەوە، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

٢) سازان زاهیر سەعید: (٢٠٢٠)، نواندنی سینتاکسی لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی.

٣) شیلان عومەر حسەین: (٢٠١١)، پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، سلێمانی.

٤) نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٧)، ڕستەسازی، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٥) یوسف نوری محەمەدئەمین: (٢٠١٥)، ڕستەی لێکدراو لەزمانی کوردیدا بەپێی یاساکانی گوێزانەوە، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

### بە زمانی فارسی:

٦) فرزانه رزقی (١٣٩٣)، بررسی جایگاه سازەهای موضوعی و غیر موضوعی زبان فارسی در چارچوب دستور نقش و ارجاع، پایان نامه کارشناسی ارشد، دانشگاه بیرجند، دانشکده ادبیات و علوم انسانی.

٧) شهرام پیمان، والی رضایی محمد عموزاده (١٣٩٤)، جایگاه گروه صفتی زبان فارسی در دستور نقش و ارجاع، پژوهشهای زبانی، سال٦، شماره ٢.

٨) والی رضایی و مژگان نیسانی (١٣٩١)، برسسی ساخت بند زبان فارسی بر اساس دستور نقش و ارجاع، مجله پژوهشهای زبانشناسی، سال چهاروم، شماره دوم، صفحه ٥١-٦٦.

٩) عبدالرحیم شریفی (١٣٩٠)، طبقه بندی نمودی فعلهای زبان فارسی بر اساس دستور نقش و ارجاع، پایان نامه کارشناسی ارشد، دانشگاه اظفهان، دانشکده زبانهایی خارجی.

١٠) والی رضایی و معصومه دیانتی (١٣٩٦)، کارآیی دستور نقش و ارجاع و دستور نقشگرای نظاممند در طبقه‌بندی افعلا زبان فارسی: نوع عمل در مقایسه با فرآیند، مجله زبان و زبان شناسی، دوره سیزدهم، شماره ٢٥، صفعه ٦٥-٨٨.

١١) مریم مجیدی (١٣٨٨)، جلوه‌ها و کارکردهای نمود فعل در زبان فارسی، فصلنامه علمی پژوهشی ((پژوهش زبان و ادبیات فارسی))، شماره پانزدهم، صفحه ١٤٥-١٥٨.

١٢) والی رضایی (١٣٩١)، بررسی نحوی و معنایی فعلهای ایستا در زبان فارسی، مجله زبانشناسی و گویشهای خراسان، دانشگاه فردوسی مشهد، علمی-پژوهشی، شماره پیاپی٧.

**به زمانی ئینگلیزی:**

13) Anelia Stefanova Ignatova (2008), A functional approach to Bulgarian verbal aspect and reduplication of clitics within the framework of Role and Reference Grammar, Universidad Nacional De Education A Distancia.

14) Byong-Seon Yang (1994), Morphosyntactic phenomena of Korean in Role and Reference Grammar: Psych verb constructions,

Inflectional verb morphemes, Complex sentences, And Relative clause, State University of New York at Buffalo.

15) Carlota S. Smith (1997), The Parameter of Aspect, Department of Linguistics, University of Texas, Second Edition.

16) Emma L. Pavey (2010), The structure of language an introduction to grammatical analysis, published in the United States of America by Cambridge University Press, New York.

17) John R. Robers (2009), A Study of Persian Discourse Structure, Uppsala Universitet

18) John R. Roberts (2016), Amele RRG Grammatical Sketch, SIL International.

19) Mahamane L. Abdoulaye (1992), Aspects of Hausa Morphosyntax in Role and Reference Grammar. Buffalo: State University of New York.

20) 64. Robert D. Van Valin Jr. & Randy J. LaPolla (1997), Syntax: Structure, Meaning and Function, Cambridge: Cambridge University Press.

21) Rober D. Van Valin Jr. (2005), Exploring the Syntax-Semantics Interface, Cambridge: Cambridge University Press

22) Susan Rothstein (2004), Structuring Events: A Study in the Semantics of Lexical Aspect. Blackwell Publisher.

23) William Croft (2012), Verbs: Aspect and Causal Structure, Oxford University Press.

**ملخص**

يدرس هذا البحث (**التركيب المنطقى لافعال اللغة الكردية فى ضوء منهج قواعد الوظيفية والارجاع**)، حاول البحث دراسة التركيب المنطقى الافعال اللغة الكردية فى ضوء منهج قواعد الوضيفية و الارجاع، ويتكون البحث من مبحثين: تناول مبحث الاول اضافة الى المقدمة تعريف المنهج و جوانبه المختلفة، كالترتيب نحوى، والتركيب الشرطى والوحدات العالمية و غير العالمية، وفي مبحث الثانى فقد صنف أفعال اللغة الكردية بحسب المنهج وبعد ذلك التركيب المنطقي لكل صنف، وتلاوه الخاتمة وقائمة بالمصادر والمراجع المستفاد منها.

**Abstract**

This paper is entitled “the logical structure of the verbs in the Kurdish language based on the theory of Role and Reference Grammar”. The goal of this paper is illustrate the logical structure of Kurdish verbs according to Role and Reference Grammar. This paper consists of two section: the first section being an introduction into the theory in which the general meaning is explained by the following examples (syntax structure, the layered structure of the clause, universal elements and non-universal elements). In the second section explains in which categories are Kurdish verbs categorized according to Role and Reference Grammar and concluding each category whit their respective list of references.